**کۆژان**

2005-6-7

**ئارنهێم-هۆلندا**

## بەهیوای ئەوەی بتوانم جاروبار هونەرمەندێکی هۆلندی بناسێنم
## بە هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی کوردستان ئەگەر بە شێوەیەکی سادەوساکاریش بێت

**سەرەتا ئەتوانی خۆت بناسێنیت؟**

**من ناوم( Rinke Nijburg)ە لە لیونترن (هۆلندا) لە ساڵی 1964 لە دایك بوومە,**
**لە ساڵی 1982 تا ساڵی 1987 لە کۆلێجی هونەرەجوانەکان لە ئارنهێم خوێندوومە,ساڵی 1993- 1994 Rijksakademie هەرلە ئارنهێم تەواوکردووە, من لە ئارنهێم نیشتەجێم و هەر لێرەش ئیش ئەکەم . ژنم هێناوەو دوو کچ ویەك کوڕم هەیە.**

**لە کەیەوە ئاشنایت لە گەڵ هونەردا پەیدا کردووە؟**

**هەر لە منداڵیەوە , تابلۆ لەبەر گیراوەکانی ماموستا گەورەکانی مۆدێرنزم وەك (ڤان کوخ) (پیکاسۆ) (مارك چەکال) بە دیواری ماڵەکەمانەوە هەڵواسرابوو, بە منداڵیش زۆر جار گەشتمان ئەکرد بۆ مۆزەخانەکان و کەنیسەکان.**

**هونەر چی ئەگەیەنێ بۆ تۆ ؟**

**هونەر ڕێگایکە بۆ باشتر لە واقع تێگەیشتن, هەندێ جار هونەر خەمەکان کەم ئەکاتەوە.هەندێ جاریش نەخێر.**

**ڕێگاکان زۆرن بۆ کێشانی تبلۆیەك, ئایا ( Rinke Nijburg) چ ڕێگەیەك ئەگرێتە بەر بۆ کێشانی تابلۆیەك؟**

**من هەوڵ ئەدەم بە شێوەیەك وێنەو تابلۆ بکێشم , تا ئێستا هیچ هونەرمەندێکی تر بەو شێوەیە تابلۆی نەکێشابێت, واتا تابلۆیەك بکێشم کە تا ئێستا نەبووبێ و نەکرابێ,هەروەها ئاوێنەیەکی بالاَروانی ئەم واقیعەی خۆمان بێت واتا واقعی سەدەی 21 م . لە هەمان کاتدا هەوڵ ئەدەم پردێك دروست کەم لەنیوان خۆم وهونەرە هەرە جوانەکانی ڕابردوو.**

**لە تابلۆکانتدا میسۆلۆژیاو باوەڕو تەورات (بایبل) و ئەبینم ,ئەمەوێ بپرسم, ئایا ( Rinke Nijburg) ئەیەوێ لە ڕێگای تەوراتەوە ببێتە هونەر مەند؟**
**یاخود لە ڕێگای هونەرەوە باوەڕی خۆی دەربڕێت؟**

من وائەزانم بە هەردوو دیوەکەیدا ڕاستە , باوەڕو تەورات باشترین سەرچاوەی ئیلهامن بۆ من , لە هەمانکاتدا بە ئاشکرا بیروباوەڕی من ئەبینی لە ناو تابلۆکانمدا.

**بە بڕوای من گرنگترین خاڵ لە تابلۆکانتدا مرۆڤە , بەڵام مرۆڤی ناو تابلۆکانت , بێهێزو بە ئازارو چەوساوەیە, ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی تۆیە بۆ ژیان؟**

بەڵێ وایە ,من ڕۆژانە ئازارەکان ئەبینم , تێکشکانەکان ئەبینم ,(ئازارو تێکشکانی مرۆڤ) بۆیە لەگەڵ ئەواندا ئازارو خەم ئەخۆم,هەندێ جاریش هونەر لە ئازار کەم ئەکاتەوە, وەك چۆن باوەڕ (ئیمان ) ئێش و ئازارەکان کەم ئەکاتەوە.

**ئایا تۆ ڕازیت لە هونەری ئێستا , ئەگەر بەراوورد بکەین لە نێوان هونەری کۆن و نوێدا؟**

باشترین هونەری تازە خراپ تر نیە لە باشترین هونەری کۆن , بەڵێ لە هونەری تازەدا کاری زۆر خراپ هەیە, ئەمەش لە بەر ئەوەیە لە یەك کاتدا نابێ هەموو هونەرەکان باشبن .

**بە ڕای من یەکێ لە جوانترین تابلۆکانت The Game of Patience**

**ئەتوانم بزانم , چۆن بیری ئەو تابلیەت بۆ هاتووە لەچ کاتێکدا ئەو تابلۆیەت کێشاوە,؟**

ئەو تابلۆیە لە ساڵی 2001 دا بۆ شانۆگەریەك کە مۆزەخانەی Het Valkhof لە( نایمێخن) نمایش ئەکرا کردوومە , دەربارەی چیرۆکی ئافراندن لە تەوراتدا , (Genesis 1) حەوتەمین ڕۆژ ی حەسانەوەی هونەرمەندێکە دوای تەواو بوونی کارەکانی سەیری کارەکانی خۆی ئەکات, ئەمە وێنەی خودا یان (ئەڵلا) (Allah) نیە خودا لەوە گەورەترە کە ئێمە بتوانین وێنەی بکێشین خودا لە مرۆڤێکی ئاسایی ناچێت.

**تا ئێستا چەن پێشەنگات کردووەتەوە؟**

بە تەواوی نازانم , بەڵام ڕەنگە بگاتە 200 پێشەنگا

**ئایا تا ئێستا پێشەنگات لە وولاتانی دەرەوە کردووەتەوە؟**

بەڵێ , بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا ,لە یۆنان, لە ئەڵمانیا لە دەنیمارك لە نەرویج لە بەلجیکا.

**تا ئیستا چەن خەڵاتت وەرگرتووە؟**

وەك منداڵێك چەن کێ بەرکێم بردووەتەوە

وەك هونەرمەندێك لە ساڵی 1987 تا ئێستا 4 خەلاتم وەرگرتووە

**ئەگەر لە دوا ڕۆژدا هونەرمەندانی کوردستان بانگهێشتی کوردستانیان کردی بۆ کردنەوەی پێشەنگایەك دێیت یان نەخێر؟ ئەگەر وولامەکەت بەڵێ بێت هیوادارم لە کوردستان بتبینم.**

ئەگەر بتوانم دێم بۆ بینینی ئێشە هونەریەکانی هونەرمەندانی کوردستان,بەڵام وەك ئەوەی خۆم بێم بۆ کوردستان بە گومانم,چونکە ترسی سواربونی فڕۆکەم هەیە.



Rinke Nijburg



The  Game of Patience



<u>Rinke Nijburg</u>

B.Shiruan

**بۆ بینینی تابڵۆکانی ئەم هونەرمەندە سەیری ئەم سایتە بکە**

http://www.galeries.nl/mnkunstenaar.asp?artistnr=732